www.kurdistannet.org

# نووسەری بێ سەرمایە

حەمەسەعید حەسەن

لە (الناقد ـ ڕەخنەگر)دا کە گۆڤارێکی سەنگینی ئەدەبیی بوو، لە لەندەن دەردەچوو، گۆشەیەک بە ناونیشانی: ئەو کتێبانەی شیاوی خوێندنەوە نین، هەبوو. تێیدا ڕەخنەگران بە مەبەستی یارمەتیدانی خوێنەران، بۆ ئەوەی فریو نەخۆن، کتێبی لاواز و بێبایەخیان، ئەوانەی شیاوی ئەوە نەبوون خوێنەران بیانکڕن و کاتی بەنرخی خۆیان بە خوێندنەوەیانەوە بە فیڕۆ بدەن، بەسەر دەکردەوە.
چونکە بەشێکی گرنگ لەو کتێبە کوردییانەی بڵاو دەکرێنەوە، لە سۆنگەی ئەوەوە بنووسەکانیان هیچیان پێ نییە بۆ گوتن بشێ و ئاستی ڕووناکبیرییان لەژێر سفرەوەیە، بۆ خوێندنەوە ناشێن و زیان بە خوێنەران دەبەخشن. بۆیە جێی خۆیەتی بڵاوکراوە کوردییەکان ئەو نەریتەی گۆڤاری (الناقد) زیندوو بکەنەوە. بەو هەنگاوە هێژایە وێڕای ڕوونکردنەوەی بەر چاوی خوێنەران، کارێکیش دەکەن هەرچی دەستی قەڵەمی گرت، خۆی لێ نەبێ بە عەزیز گەردی، د. کەمال مەزهەر، یان تەنانەت بە شکور مستەفا.
بەرپرسانی زۆربەی بڵاوکراوە کوردییەکان دووچاری پەتایەک هاتوون، بەرهەمی لاوازی کەسانێ، تەنیا لەبەر ئەوەی خزم و ناسیاوی خۆیانن، بڵاو دەکەنەوە. بریا گیاکەڵەی ئەم نەریتە دزێوە، ڕیشەکێش دەکرا، تا نە خوێنەر فریو بخوات و نە قەڵەمبەدەستی هیچ لە باردا نەبووش، خۆی لێ ببێ بە ڕووناکبیر.
یاسایەکی هاتوچۆ هەیە، دەبێژێ: ئەوی لە گۆڕەپانەکەدا بێ، مافی زووتر تێپەڕینی هەیە. جاران کە هێشتا ڕووناکبیرانی سۆرانی ئاخێو، سویدیان (ئاوەدان) نەکردبووەوە، خوشکێکی* لە بواری نووسیندا دەست و پێ سپی، کە زووتر گەیشتبووە گۆڕەپانی سوید، بەراوەژوو کەڵکی لەو یاسایەی ترافیک بینیبوو، نەک هەر کتێبی خوێندنی بۆ منداڵانی کورد نووسیبوو، بەڵکوو چیرۆکیشی لە سویدییەوە بۆ کردبوون بە کوردی.
چونکە بەرگی نۆیەمی (مێژووی سوید) یەک (زانیاری)ی هەڵەی تێدا بوو، کە زیانی بە یەک کەس دەگەیاند، دادگا (هێرمان لیندکڤیست)ی ناچار کرد، کتێبەکەی لە بازاڕ بکێشێتەوە. کێتبەکانی ئەو خانمە کوردە چونکە تژین لە هەڵە و زیان لە سەرجەمی منداڵانی سۆرانی ئاخێوی سویدنشین دەدەن، جێی خۆیەتی چاو لە ئاست ئەم ڕاستییە مشتومڕ هەڵنەگرە، نەنووقێنێ و چی زووترە کتێبەکانی کۆ بکاتەوە.
لە پاکستان، سەرمایەداران لە ڕێی چەوساندنەوەی منداڵانەوە خەریکی کەڵەکەکردنی سەرمایەن، کە منداڵێکی وەک (ئیقباڵ)یش تاوانەکانیان ئاشکرا دەکا، تیرۆری دەکەن. ئێمە کە ناتوانین بکوژانی ئیقباڵ بدەینە دادگا، خۆ دەتوانین مافووری پاکستانی نەکڕین. ئەو خانمەش کە لە ڕێی زیان بە منداڵانی کوردی سویدنشین گەیاندنەوە، ئیشی خۆی دەمەشێنێ، ئێمە کە ناتوانین ناچاری بکەین واز لەو کارەی بهێنێ، خۆ لای کەم لە پێناوی قازانجی منداڵاندا، دەکارین کتێبەکانی پشتگوێ بخەین.
ماوەیەک ناسری ڕەزازی، فەهد گردەوانی و ئاسۆ گەرمیانیش کتێبیان بۆ زارۆکی کوردی سویدنشین ئامادە دەکرد، وەلێ هەر زوو دەرکیان بەوە کرد، ئەوە کاری وان نییە. بریا ئەو خانمە کوردەش پەندی لە هەڵوێستی ئەو برایانەی، کە هەر کامێکیان بگری لای کەم دە هێندەی وی شارەزای زمان و کولتووری کوردییە، وەردەگرت.
کەڵەنووسەرانی دنیا، پێش ئەوەی کتێبەکانیان بۆ چاپخانە بنێرن، نیشانی زمانزانێکی دەدەن. ئەو خانمە

www.kurdistannet.org

ئەگەرچی کوردییەکەی بەشی نووسینی دوو سێ ڕستەی بەکەڵک ناکات، کەچی بە تاقی تەنیا، بێ پێداچوونەوەی زمانزانێک، کتێبی خوێندنی نووسیوە!
هەموومان هەڵە دەکەین، ئینسانی گەورە ئەو کەسەیە، دان بە هەڵەی خۆیدا بنێ و هەوڵی ڕاستکردنەوەی بدات. لە ناوەڕاستی ساڵانی حەفتادا، عەبدوڵڵا پەشێو لە هەفتەنامەی (هاوکاری)دا، نووسینێکی فوئاد قەرەداغیی بەسەر کردبووەوە و لە ڕووی زمانەوە هەندێ هەڵەی تێدا دەستنیشان کردبوو. ڕەخنە لێگیراو بە سنگێکی فراوانەوە تێبینییەکانی ڕەخنەگری وەرگرت و بەڵێنی دا، لە داهاتوودا سەرنجەکانی پەشێو ڕەچاو بکات و بایەخێکی زێتر بە لایەنی زمانی نووسینەکانی بدات.
من ئەگەرچی چارەکە سەدەیەکە بە نووسینەوە خەریکم و تا هەنووکە زێتر لە سەد نووسین و پتر لە دە کتێبم بڵاو کردوونەوە، کەچی ئێستاش کە دەنووسم، هێندە دەترسم و جۆرە دڵەڕاوکێیەک چنگ لە ناخم گیر دەکا، دەڵێی یەکەم جارمە دەست بۆ قەڵەم دەبەم و لەگەڵ هەموو نووسینێکی نوێدا وا هەست دەکەم خەریکی وەڵامدانەوەی پرسیارەکانی تاقیکردنەوەیەکم، کە هەموو داهاتوومی پێوە بەندە.(١)
مارکس و ئێنگڵس لە دوا دێڕەکانی بەیاننامەی حیزبی کۆمۆنیستدا دەڵێن: (پرۆلیتاریا، ئەگەر شۆڕش بکا، چی هەیە تا لە کیسی بچێ، بێجگە لە کۆت و پێوەندەکانی؟) ئەوانەی لە بواری نووسیندا خاوەنی هیچ سەرمایەیەک نین، تا بترسن لە کیسیان بچێ، نووسین بە کارێکی هێندە ئاسان دەزانن، بێباکانە دەنووسن و بە دڵنیاییەوە بۆ بڵاوکردنەوەی دەنێرن. ئەوانەشی لە بواری نووسیندا سەرمایەیەکیان پێکەوە ناوە، دڵنیام هەمان دڵەڕاوکێی منیان هەیە. ئاخر دەترسن متمانەی خوێنەریان لە کیس بچێ. هەموو کەس دەتوانێ ببێتە نووسەر، وەلێ نووسەرێکی خراپ. گرنگ ئەوەیە خۆمان بگرین و کتێبی بێبایەخ بڵاو نەکەینەوە. کەس ناومان نەبیستێ، باشترە لەوەی ناومان وەک نووسەرێکی خراپ بزڕێ.

*

ئەوە هەڵەی شاعیرە کە خوێنەر پشتی کردووەتە شیعر. ئەگەر شاعیر هەوڵی لە خوێنەر دوورکەوتنەوە بدات، خوێنەر ناچار نییە، بە دوایدا ڕابکات. دەبێ شاعیر ڕووی لە خوێنەر بێ، نەک پشتی تێ بکا. هەموو ئەو شاعیرانەی خوێنەر لەبەر چاو ناگرن، خوێنەریان نییە. ئەو شاعیرەی خوێنەر لێی تێناگا، ئەوە هیچی نەگوتووە. شیعر نابێ، ڕوون و تەنک و ساکار بێ، وەلێ نابێ ژوورێکی تاریکی داخراویش بێ. شیعر زادەی تەمومژی ساختە نییە. ئەوە شیعر نییە، کە لە پێناوی تەمومژدا، هانا بۆ تەمومژ دەبا، ئەوە تەرمی شیعرە. شیعری جوان تەنیا لە پێناوی یاخیبووندا، لە ڕێسا باوەکان یاخی نابێ، بەڵکوو بە نیازە پرۆژەیەکی باڵاتر بهێنێتە گۆڕێ.
کە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ ژمارەی خوێنەری شیعر ڕوو لە کزییە، ئەوە هەڵەی ئەو خۆ بە ناڕەوا بە شاعیرزانانەیە، کە قسەی بێ واتای پچڕ پچڕ و ڕستەی بێسوود و تەواونەکراو، بە شیعر بەسەر خوێنەردا ساغ دەکەنەوە. ئەو شاعیرەی خوێنەر لێی تێناگا، جاهیلە.
ئەو (شاعیرە کوردانەی) کە دەڵێی درەختی ڕەگ لە خاکی خۆ دابڕاون و هیچ سەرەداوێکی پێوەندییان بە زێدی خۆیانەوە نەماوە و کوێرانە لە ڕێی دەستی دووەمەوە لاسایی ڕەوتە شیعرییە ڕۆژئاواییەکان دەکەنەوە و (پێش ئەوەی فێری مەلەی نێو تەنکایی ڕووبار بووبێتن، خۆیان بەدەم شەپۆلی ترسناکی دەریاوە داوە،)(٢) ئەوانە ئەگەر پێیان وابێ ئەوەی دەینووسن شیعرە، ئەوا لە باشترین حاڵەتدا خەوێک دەبینن، کە هەرگیز نایەتە دی. شاعیرانی مەزن، ئەگەرچی هەموویان پێش سەردەمەکەی خۆیان دەکەون، وەلێ کەسیان لەسەردەمەکەی خۆیان دانابڕێن.
ئەو نووسەرانەشی کە هیچیان پێ نییە، ئاست نزمی ڕۆشنبیریی خۆیان لەو دیو شەوەزەنگی کۆمەڵێ

www.kurdistannet.org

وشەی قەبە و زاراوەی نامۆوە دەشارنەوە و دەیانەوێ بە دەربڕینی سەخت و ئاڵۆزی بێ کاکڵ، خوێنەری نەشارەزا بتۆقێنن و دەمکوتی بکەن. مایەی داخە ئەم تاکتیکە گەلێ جار بەسەر سەرنووسەری گۆڤار و ڕۆژنامەکانیشدا تێدەپەڕێ. ئاخر گەلێ سەرنووسەر لە ترسی ئەوەی نەک بە جاهیل، نەریتخواز و دواکەوتوو نێوزەد بکرێن، بێ ئەوەی هیچ لەو نووسینە تەمومژاوییە پووچە پفدراوانە تێبگەن، بڵاویان دەکەنەوە.(٣)

ئەگەرچی دە ساڵێکە ڕێبازی دیرۆکخوازیی نوێ، کە بریتییە لە خوێندنەوەی مێژوو لە ڕوانگەی جیاوازەوە، جێی بە هەڵوەشاندنەوەگەری و تیۆریی وەرگرتن لێژ کردووە و خۆری دابڕینی دەق لەو قۆناغە مێژووییەی تێیدا لە دایکبووە، کە هەڵوەشاندنەوەگەری بانگەشەی بۆ دەکرد، ئاوابووە، کەچی تازەکی خوێندەنەوەی دەق لەبەر ڕۆشنایی بونیادخوازیدا، کە لەگەڵ شۆڕشی خوێندکارانی فەرەنسادا، (١٩٦٨) لە ئەورووپا ئێکسپایەر بوو، لای هەندێ نووسەری کوردی خۆ بە نوێخواززانی لە کاروان دواکەوتوو، وەک خۆراکێکی فرێش پێشکەشی خوێنەر دەکرێ.

(١) ناڕاستەوخۆ سوودم لە قسەیەکی فازیل عەززاوی وەرگرتووە. الزمان الجدید اکتوبر ٢٠٠٠ لندن.

(٢) فوزی کریم، ثیاب الامبراطور، الشعر و مرایا الحداثه الخادعه، ص ٣٣٠ دار المدی ٢٠٠٠ دمشق.

(٣) هەمان سەرچاوە، ل ٥٥

* سروە نوری عەزیز.